ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**دروووست کردنی لۆگۆ، فۆتۆشۆپ.**

نووسەر: Hawkar Shwan
@: HawkarShwan@Gmail.Com

درووست کردنی لۆگۆ کارێکی ئەوتۆ گران نىیە و دەتوانیت بە ئارەزووی خۆت و بەو شێوەیەی کە ئەتەوێت درووستی بکەیت ، لێرەدا هەوڵ ئەدەین لۆگۆیەک درووست بکەین بە شێوەیەکی ئا سان و گونجاو . 1. پەڕەیەکی نوی بکەرەوە بە پانی : 300 و بەرزی: 300 پیکسل . 2. بە ئامرازی ڕەنگ کردن ڕەنگی بکە بە ڕەش ، پاشان ئامرآزی دیاریکردنی چوارگۆشەی لە خشتەی ئامرآزەکاندا هەڵبژێرە و چوارگۆشەیەک بکێشە لە ناوەڕاستی ئەو پەڕەیەی درووستمان کردووە و ڕەنگی بکە بە سپی :



3. لە لیستی Filter >> Distort >> Polar Coordinates هەڵبژێرە و وەک وێنەکەی ڕێک بخە :




4. وێنەکە بەم شێوەیەی لێ دێت :



5.لە لیستەی Layer >> Duplicate Layer هەڵبژێرە . 6.ئەمجا لە لیستی Edit' > 'Transform' > 'Rotate 180° هەڵبژێرە و پاشان لە بەشی چینەکاندا Normal بگۆڕە بۆ Linear Burn :




7.وێنەکە بەم شێوەیە دەبێت دوای ئەو گۆڕانکارییانە :



8. ئەبێت هەردوو ئەو چینەی درووستمان کردووە بکەینەوە بەیەک ، ئەویش لەسەر تەختە کلیلەکەت Ctrl + E پێکەوە دابگرە . 9. پاشان لە لیستەی Filter >> Artistic >> Plastic Wrap هەڵبژێرە و گۆڕآنکارییەکان وەک ئەوی لە وێنەکەدا کراوە بکە :




10. وێنەکە دوای ئەو گۆڕانکاریە:



1. هەر لە هەمان لیستەی Filter >> Distort >> Polar Coordinates هەڵبژێرە و بەڵام ئەم جارەیان Rectangular to Polar هەڵبژێرە :




12. وێنەی کۆتایی بەم ئەبێت بەم شێوەیە بێت :



13. پاشان دەتوانیت بە ئارەزووی خۆت ڕەنگی بکەیت ئەویش پێکەوە هەردوو دوگمەی Ctrl+U دابگرە و بە ئارەزووی خۆت ڕەنگی بدەرێ کە شێوەیەکی جوانتر دەبەخشێت :

کۆتایی.

Dec 2005 04

Make Your Donation Today
Help Rebuild Lives & Communities in Hurricane Affected States.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت